# وەستانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بۆ -قورئان خوێندن-) لە نوێژدا ڕکوع بردنی، وئەگەر سەری لە ڕکوع بردن بەرز بکردایەتەوە، وسوجدە بردنی، ونێوان دوو سوجدەکە، (ماوەیان) نزیک بوو لە یەکترەوە

لە ئەلحەکەمەوە دەڵێت: پیاوێک کوفەی داگیر کرد -ووتی ناوی- زەمەنی کوڕی ئەشعەس بوو، فەرمانی کرد ئەبو عوبەیدەی کوڕی عبد الله پێشنوێژی بۆ خەڵکی بکات، ئەویش پێشنوێژی بۆ خەڵکی دەکرد، ئەگەر سەری لە ڕکوع بردن بەرز بکردایەتەوە، ئەوەندە دەوەستا کە دەڵێم: (اللَّهُم ربَّنا لك الحَمد، مِلْءَ السَّماوات ومِلْءَ الأرض، ومِلْءَ ما شِئت من شَيء بعد، أهْل الثَّناء والمَجد، لا مانع لما أعْطَيت، ولا مُعْطِي لما مَنعت، ولا يَنفع ذَا الجَدِّ مِنْك الجَدِّ)*، ئەمەم بۆ عبد الرحمان کوڕی ئەبی لەیلا باسکرد، ووتی: گوێم لە بەرائی کوڕی عازیت بوو کە دەیووت: «(وەستانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بۆ -قورئان خوێندن-) لە نوێژدا ڕکوع بردنی، وئەگەر سەری لە ڕکوع بردن بەرز بکردایەتەوە، وسوجدە بردنی، ونێوان دوو سوجدەکە، (ماوەیان) نزیک بوو لە یەکترەوە»، شوعبە ووتی: ئەمەم باسکرد بۆ عەمرو کوڕی مورە، ووتی: کوڕی ئەبی لەیلام بینی، نوێژکردنی بەم شێوەیە نەبوو. *(واتە: خودایە پەروەردگارمان سوپاس وحەمد وستایش بۆ تۆ، هێندەی پڕ بە ئاسمانەکان وهێندەی پڕ بە زەوی، وهێندەی پڕ بە ئەوەی تۆ بتەوێت لە پاش ئەمانە، هەموو ستایش وشکۆداریەک بۆ تۆیە، هیچ کەسێک ناتوانێت شتێک بگرێتەوە وڕێگری لێبکات ئەگەر تۆ بیبەخشیت، وهیچ کەسێک ناتوانێت شتێک ببەخشێت ئەگەر تۆ بیگریتەوە ونەیبەخشیت، خاوەن سامان ودەسەڵات لە پێش تۆدا دەسەڵات وسامانەکەی (هیچ سوودی بۆی نابێت

[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: (پیاوێک کوفەی داگیر کرد -ووتی ناوی- زەمەنی کوڕی ئەشعەس بوو، فەرمانی کرد ئەبو عوبەیدەی کوڕی عبد الله پێشنوێژی بۆ خەڵکی بکات): ووتراوە ناوی -مەتەری کوڕی ناجیە- بووە هەروەکو گێڕانەوەی دووەمدا هاتووە، وئەبو عوبەیدە کوڕی عبد اللەی کوڕی مەسعود مەسعود بوو -ڕەزای خوای لێبێت-. (ئەویش پێشنوێژی بۆ خەڵکی دەکرد، ئەگەر سەری لە ڕکوع بردن بەرز بکردایەتەوە، ئەوەندە دەوەستا کە دەڵێم: - اللَّهُم ربَّنا لك الحَمد- واتە: خودایە پەروەردگارمان سوپاس وحەمد وستایش بۆ تۆ): هەتاوەکو ئێرە واجبە کە نوێژخوێن بیڵێت لە نوێژدا، بەڵام ئەوەی لە پاش ئەمە دێت: [ملء السماوات . . هەتاوەکو کۆتایی]؛ سونەتە -موستەحەبە-، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: [إذا قال الإمام سَمِع الله لمن حَمِدَه فقولوا ربَّنا لك الحمد] واتە: [ئەگەر ئیمام ووتی: سمع الله لمن حمده -واتە: خودا ئەوانە دەبیستێت کە حەمد وسوپاسی دەکەن-، ئێوە بڵێن: ربنا لک الحمد -واتە: پەروەردگارمان حەمد وسوپاس بۆ تۆ-]. ومانای: (اللَّهُم ربَّنا لك الحَمد:خودایە پەروەردگارمان سوپاس وحەمد وستایش بۆ تۆ): نزا کردنە ودانپێدانانە بە نیعمەتەکانی خوای گەورە، واتا: پەروەردگارمان وەڵامی نزاکانمان بدەرەوە، وحەمد وسوپاس بۆ تۆ کە هیدایەتی ئێمە داوە وئێمەت سەرکەوتوو کردووە. ( مِلْءَ السَّماوات ومِلْءَ الأرض:هێندەی پڕ بە ئاسمانەکان وهێندەی پڕ بە زەوی): مەبەست لێرەدا بەمەزنداان وزۆری ئەم سوپاسگوزاری وحەمد کردنەیە، واتا: ئەی پەروەردگارمان تۆ شایستەی ئەم حەمد وسوپاسکردنەیت، ئەگەر لاشە بووایە ئەوا هێندەی نێوان ئاسمانەکان وزەوی پڕ دەکردەوە. (ومِلْءَ ما شِئت من شَيء بعد:وهێندەی پڕ بە ئەوەی تۆ بتەوێت لە پاش ئەمانە): واتا لەو شتانەی کە ئێمە نایزانن ولە ژێر موڵک ودەسەڵاتی فراوانی تۆ دان. (أهْل الثَّناء والمَجد:هەموو ستایش وشکۆداریەک بۆ تۆیە): واتا ئەی پەروەردگارمان تۆ شایستەی ستایشکردن و وەسفکردنیت، وهەروەها شایستەی ئەوەیت بە خاوەنی ئەوپەڕی شکۆداری ومەزنی وخاوەن دەسەڵات وەسف بکرێیت، ئەوەی

شایستەی ستایشکردن و بەمەزندانانی بێسنووره تەنها خوای گەورەیە -سبحانه وتعالى-. (لا مانع لما أعْطَيت:هیچ کەسێک ناتوانێت شتێک بگرێتەوە وڕێگری لێبکات ئەگەر تۆ بیبەخشیت): واتا هیچ شتێک وکەسێک ناتوانێت ڕێگر بێت وقەدەغەی بکات شتێک ئەگەر تۆ بتەوێت ئەو شتە ببەخشیت. (ولا مُعْطِي لما مَنعت:وهیچ کەسێک ناتوانێت شتێک ببەخشێت ئەگەر تۆ بیگریتەوە ونەیبەخشیت): واتا ئەگەر تۆ بتەوێت شتێک نەبەخشیت بە کەسێک بەهۆی حیکمەت ودادپەروەری خۆت؛ ئەوا هیچ کەسێک ناتوانێت وهێز وتوانای ئەوەی نییە ئەو شتە ببەخشێت بە ئەو کەسە ئەگەرچیش ئەوپەڕی هەوڵی بۆ بدات. (ولا يَنفع ذَا الجَدِّ مِنْكَ الجَدِّ:خاوەن سامان ودەسەڵات لە پێش تۆدا دەسەڵات وسامانەکەی هیچ سوودی بۆی نابێت): واتا ئەوەی دەوڵەمەند بێت وهێز ودەسەڵاتی هەبێت ئەوا ئەمانە هیچ سوودیان بۆی نابێت لە پێش تۆ، ونابنە هۆی ئەوەی سزا نەدرێت وپاداشتی پێببەخشرێت، سوود بە هیچ شتێک ناگەیەندرێت ئەگەر تۆ ویستت لەسەر نەبێت. (ئەلحەکەم دەڵێت: ئەمەم بۆ عبد الرحمان کوڕی ئەبی لەیلا باسکرد، ووتی: گوێم لە بەرائی کوڕی عازیب بوو کە دەیووت: -وەستانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بۆ -قورئان خوێندن- لە نوێژدا وڕکوع بردنی، وئەگەر سەری لە ڕکوع بردن بەرز بکردایەتەوە، وسوجدە بردنی، ونێوان دوو سوجدەکە، -ماوەیان- نزیک بوو لە یەکترەوە): واتا ماوەی مانەوەی لە حاڵەتەکان وکردەوەکانی ناو نوێژدا نزیکی یەکتر بوو ئەگەرچیش جیاوازییەکی کەم هەبوو لە نێوانیان، ئەگەر زۆر بوەستایە بۆ قورئان خوێندن ونزا کردن ئەوا ماوەیەکی زیاتر لە ڕکوع بردن دەمایەوە بە شێوەیەک وا هەستدەکرا کە ماوەکەیان لە یەکترەوە نزیکە، وئەگەر ماوەی وەستانی کەم بووایە بەهەمان شێوە لە حاڵەتەکانی تر کەم دەمایەوە بەشێوەیەک ماوەکەیان نزیک یەکتر بوو، وبەم شێوەیە بۆ پایەکانی تر لە ناو نوێژدا. ئەم فەرموودەیە بنیات نراوە لەسەر هەندێک جار وحاڵەت، ئەگینا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- جاری وا هەبوو زۆر لە وەستان دەمایەوە بۆ قورئان خوێندن، پوختەی ئەوەیە: پایە وکردەوە وحاڵەتەکانی نوێژکردنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزیک بوون لە ڕووی ماوە وکاتەوە، بۆیە وەستان وڕکوع بردن وسوجدە بردن ودانیشتنی لە نێوان سوجدەکان؛ -لە ڕووی کات وماوە- نزیک بوون لە یەکترەوە، ئەگەرچیش هەندێک جار بەتایبەت لە شەونوێژدا زۆر لە وەستان دەمایەوە بۆ قورئان خوێندن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10924

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee